ئەعرەجی تەئکید لە ویستی سەرۆك وەزیران بە جێبەجێکردنی رێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئێران دەکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی، تەئکیدی لە پێرەشی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی ، بە جێبەجێکردنی رێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئێران کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەمڕۆ قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای ئەمنی ئێران کرد، و لە دیدارەکدا بەدواداچوون بە جێبەجێکردنی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران کرا و ئاستی تەواوکردنی هەنگاوەکانی لە نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کرا.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ئاسایشی سنورەکان و ڕەگریکردن لە قاچاخچێتی و دزێکردن کرا، ئەوە جگە لە جێختکرنەوەی هەردولا بە بەردەوامبوون لە ڕێککەوتنی ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات، کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵات و گەلی دەستدایە.

هاوکات ئەعرەجی تەئکیدیکردەوە، لە پێرەشی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە و بەدواداچوون بە هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی شخسی و ڕەگەندان بە هیچ جۆرە خاوبونەوەیەك لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا.